# چووم بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- تای لێهاتبوو، ودەستم لە لاشەیدا

لە ئیبن مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: چووم بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- تای لێهاتبوو، ودەستم لە لاشەیدا، و ووتم: تۆ تووشی تایەکی سەخت بوویت، فەرمووی: «بەڵێ، من هێندەی دوو پیاو لە ئێوە تووشی تا دەبم».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئیبن مەسعود -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە کاتێک چوو بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە کاتی نەخۆش بوونیدا تووشی ئازارێکی زۆر هاتبوو؛ بۆیە ئیبن مەسعود دەستی لە لاشەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دا، ووتی: تۆ نەخۆشیەکەت زۆر سەختە ئەی پێغەمبەری خودا، ئەویش پێی فەرموو کە نەخۆشیەکانی لەسەر سەخت وتوند دەکرێت، دوو ئەوەندەی نەخۆشی پیاوێک، وئەمیش بۆ ئەوەیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بگاتە بەرزترین پلەکانی ئارامگرتن.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6010